KOREK Telecom

ئەگەر هەر هەڵەیەک رووبدات 6 مانگ دووردەکەوێتەوە..

# پزیشکە موعجیزەکە مۆدریچ بۆ یاری یوڤانتۆس ئامادە دەکات

**رووداوی وەرزشی - CNBC**

رۆژنامەیەکی ئیسپانی بۆمبێکی گەورە دەتەقێنێتەوەو رایدەگەینێت کە یانەی ریال مەدریدی شاهانە پلانێکی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی لۆکا مۆدریچی یاریزانی کرواتی بە موعجیزەیەک بۆ قۆناخی پێش کۆتایی چامپیۆنسلیگ ئامادە بکات. رۆژنامەیەکی دیکەش هۆشداری دەداتە مەدریدییەکان کە یاری بە ئاگر نەکەن.

رۆژنامەی دیفنسا سونترال، ئاشکرایکرد کە مۆدریچ چووەتە ناوچەی ڤیتۆریا لە هەرێمی باسک، لای میکێل سانچێزی پزیشک، کە پسپوورە لە پێکانی جومگەکان و بە پزیشکی مۆعجیزە ناودەبرێت. ئەو پێشتر بەشێوەیەکی موعجیزە چەندین یاریزانی پێکراوی لە کاتێکی پێوانەییدا چارەسەرکردووەو پێش کاتی خۆی گەڕاونەتەوە نێو یاریگەکان. باشترین نموونەش رافایێل نادالی یاریزانی تێنسی سەر زەوی ئیسپانی بوو.

مۆدریچ بەلای کەمەوە 6 هەفتەی پێویستە بۆ ئەوەی لە پێکانەکەی چارەسەر بێت، بەڵام مەدریدییەکان هیوایان بە سانچێزی پزیشک هەیە، کە بە نیوەی ئەوکاتە چارەسەری بکات و بۆ یاری یوڤانتۆس لە قۆناخی پێش کۆتایی چامپیۆنسلیگ ئامادەبێت.

رۆژنامەی مارکای ئیسپانیش هۆشداری دەداتە مەدریدییەکان و داوایان لێدەکات یاری بە ئاگر نەکەن و نووسیویەتی «ئەگەر گرەو بە مۆدریچ بکەن و 100 % چاک نەبێتەوە، پێکانەکەی گەورەتر دەبێت و بەلای کەمەوە ماوەی 6 مانگ لە یاریگەکان دووردەکەوێتەوە».




WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (348) سێشەممە 2015/4/28 8ی گوڵان (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


چیدی بەرگەی بێمنەتی و یاخیبوونەکانی لیۆنێل ناگرێت..

# ئێنریکی لەدەست مێسی رادەکات



"ئێنریکی 3 نازناویش بباتەوە هەر لە بارسا دەڕوات"

3»



ئەو ریکۆردانەی تەنیا مێسی و رۆناڵدۆی بەرازیلی تۆماریانکردووە

3



23 %ی گۆڵەکانی ئەمساڵی کریستیانۆ بە پەناڵتی بووە

5

لیۆنێل مێسی:

## خەڵکی لە ترافیکلایت دەمبینن دەڵێن ئۆۆۆ.. ئەوە خۆیەتی

5»

ژمارە (348) سێشەممە 2015/4/28



## بە 2 یاریزان بەشدارە

**زەینەب شوان**

لە بەرواری 2015/4/23 لە مالیزیا پاڵەوانیەتی ئاسیا لە یاری سنوکەر دەستیپێکردو لە 2015/4/30 کۆتایی دێت، کە هەڵبژاردەی عێراق لەنێو 21 هەڵبژاردەدا یەکێکە لە بەشداربووانی پاڵەوانیەتییەکە. شوان حەسەن، سەرۆکی یەکێتی بلیاردی کوردستان، کە یاوەری شاندی عێراق دەکات، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «هەڵبژاردەی عێراق بە دوو یاریزان بەشداری لەم پاڵەوانیەتییەدا دەکات، لە یەکەم یاری خۆیدا بەرامبەر هەڵبژاردەی تایلەند تووشی شکست بوو، بەڵام لە یاری دووەمدا توانی بەسەر هەڵبژاردەی قەتەردا سەرکەوتن بەدەستبێنێت».



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

# ئیمپراتۆری بێ عەرش

دوورخستنەوەی راهێنەر ئەیوب ئۆدیشۆ و جەلیل زێدانی راهێنەری گۆڵپارێزان لە مەشقی یانەی هەولێر، بەلای منەوە سیناریۆیەکی سواو و کۆنە و وەک دەڵێن «دەرکردنێکی موحتەرەمانە» بوو، پێشتریش سیناریۆی لەو شێوەیەم لە یانەی هەولێر دیوە، ئەوەی تۆزێکیش عاقڵ بێت دەزانێت، ئەیوب ئەو پیاوە نەبوو لە بەرپرسیارەتی رابکات و لە ساتەوەختێکی وا هەستیار و زەحمەتدا تیپەکە جێبهێڵێت و ئیدارەی یانەکەش وا بەئاسانی بڕیارەکەی قبوڵ بکات. بەرگری لە ئۆدیشۆ ناکەم و قسەشم لەسەر ئاست و ئەنجامی کارەکانی لەگەڵ هەولێردا نییە، چونکە هەر ئەو، تاکە بژاردەی ئیدارەی هەولێر بوو، هێنانەوەشی بۆ تیپەکە لە ویلایەتی دووەمیدا، کارێکی هەڵە بوو، چونکە جاری یەکەم بە کێشەو بەبێ ئەنجام تیپەکەی جێهێشت، بەڵام بڕیاری دوورخستنەوەکەی ئەمجارەی، هەڵەیەکی دیکەی گەورە بوو، بەهۆی ئەوەی ئێستا تیپەکە لە خراپترین بارودۆخی خۆیدایە لەوەتەی لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بەشداری دەکات لەو چەند ساڵەدا.

هەولێری ئیمپراتۆری یانەکانی عێراق و خاوەنی 4 نازناو، ئەم وەرزە هیوایەکی زۆر کزی هەیە بتوانێت بگاتە قۆناخی هەشتەمی خولی عێراق، ئەو خولەی تەنیا خوا دەزانێت چۆن بەرێوەدەچێت و شەرمەزارییە هەولێر وای بەسەربێت تێیدا. دەبێ ئەوەمان لەبیربێت، هەولێر دوو وەرزە قەیرانی دارایی هەیە، ئەم وەرزەش بە سەرەتایەکی خراپ دەستیپێکرد، بە تایبەتی کە وەرزی رابردوو بۆ جاری دووەم یاری کۆتایی جامی یانەکانی ئاسیای دۆڕاندو لە رووی دەروونییەوە تیپەکە داڕووخا. هەروەها تیپەکە ئەم وەرزە بەبێ کەمپی مەشقی لە دەرەوە، دەستیپێکردو هیچ یاریزانێکی پیشەگەری نەهێنایە ریزەکانییەوە، جگە لە نەدیم سەبباغ نەبێ، کە ئەویش چەند وەرزێکە لە هەولێرە، زیاد لەسەر ئەوە، قەیرانە داراییەکە گەیشتە لوتکە و تیپەکە قەرزێکی زۆری کەوتە سەر، کە بابەتی دارایی هۆکاری یەکەم و سەرەکیی شکستەکانی تیپەکەیە، ئەمەش شتێکە پێویست بە وردەکاری ناکات، چونکە راهێنەر بەبێ یاریزانی پیشەگەر و یاریزانیش بەبێ پارە و پاداشت باش یاری ناکات. لە پاڵەوانیەتی ئاسیادا، بەرپرسانی هەولێریش دەزانن، دەبێت پارەیەکی باش و یاریزانی پیشەگەرت هەبێ، ئەگەر بتەوێت ئەنجامی باشت هەبێت. بەڵام، ئەوەی پێویستە بگوترێ، ئیدارەی هەولێر، کە باش دەیانزانی بەم رۆژە دەگەن و ئاسۆی شکست و قەیرانەکان لای منداڵێکیش روون بوو، بۆچی لە سەرەتای وەرزەوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان نەدا، بۆچی موجازەفەیان بە یانەکە و هەیبەت و ناوبانگی کرد و لە پێناو چیدا درێژەیان بەو بارودخە خراپەی خۆیان دا، هەر لە پێناوی ئەوەبوو کە سینگی خۆتان دەرپەڕێنن و بڵێن بەرەو رووی هەموو دۆخێک دەبینەوە و نیشتیمانپەروەری دەکەین؟ پرسیاری رژدیش ئەوەیە: ئایا لە بێ پارەیی و قەرزاری و خراپی رەوشی سیاسی و تەناهی لە عێراق و کوردستان و هەروەها لە هەمووی گرنگتر، نەبوونی ئامادەکاری و داڕووخانی دەروونی (بەهۆی شکستی یاری کۆتایی ئاسیا) و گرنگتر لەوە ناڕێکی لە بەرێوەچوونی خولی عێراقدا، پلانتان چی بوو؟ دڵنیام هیچ پلانتان نەبوو، چونکە ئەگەر پلانتان هەبووایە، بەم بارودۆخە خراپەی ئەم وەرزە نەدەگەیشتن، کە ئێستا هەولێر لە ئیمپراتۆرێکی بێ عەرش دەچێت و کەس ئیرەیی پێ نابات و قسەش لەسەر هەڵەکان زۆرن، هەر لە هێنانی یونس و نەشئەت و بەرێکردنی ئەیوب و دواترین بڕیاریش دەستبەکاربوونی ئەحمەد سەلاح. چارەسەر چییە؟، پێموایە دەبێت هەولێر و ئیدارەکەی، لە سفرەوە دەستپێبکەنەوەو ئەگەر ئەو قەیرانە داراییەش بەردەوامبوو، دەبێت (بە پێی بەرەکەیان پێیان راکێشن)، چونکە ئامانجەکانی یانەکە، بەو جۆرە بارودۆخە و بەو بێ پلانییەی هەیانە، هەرگیز نایەتەدی. هەروەها ئیتر دەبێ بیر لە قۆناخی خۆبژێوی و داهاتی خۆی و گرینگیدان بە یاریزانی خوماڵی بکەنەوە، چونکە لەو قۆناخەدا دەرکەوت کێ وەفادارە و کێیش کوڕی یانەکەیە.

## سبەی هەولێر بەکۆمەڵێک کێشەوە رووبەڕووی ئیستقلال دۆشانبێ دەبێتەوە..

# یانەی هەولێر لە خراپترین بارودۆخدایە



**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

سبەی چوارشەممە 2015/4/28 لە گەڕی پێنجەمی قۆناخی کۆمەڵەکانی جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا، یانەی هەولێر لە دەوحە رووبەڕووی یانەی ئیستقلال دۆشانبێی تاجیکستانی دەبێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە تیپەکە لە خراپترین بارودۆخدایە دوای دەستلەکارکێشانەوەی ستافی مەشق و رۆیشتنی یاریزان لوئەی سەلاح لە تیپەکە و کزبوونی هیواکانی بە گەیشتن بە قۆناخی پێشکۆتایی خولی نایابی عێراق.

هەولێر کە ئەم وەرزە هەر لە سەرەتاوە بە بارودۆخێکی خراپی دارایی و هەروەها ئامادەکاری هونەرییەوە دەستیپێکرد، شەممەی رابردوو لە خولی نایابی عێراق و لە رکابەرییەکانی کۆمەڵەی یەکەمدا، لە بەغدا بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر بە یانەی زەورا دۆڕا. ئەم ئەنجامە، هەڵوێستی یانەکەی لە کۆمەڵەکەیدا زۆر لاوازکرد بۆ گەیشتن بە قۆناخی پێشکۆتایی خولەکە، کە 4 یانە لە هەر کۆمەڵەیەکدا دەگەنە ئەو قۆناخەو ژمارەیان 8 یانەیە. هەولێر ئێستا لە پلەی شەشەمی کۆمەڵەکەیەتی و 24 خاڵی هەیە. لەگەڵ یانەکانی کەرخ، نەفتی ناوەڕاست و نەفتی باشوور لە رکابەریدایە لەسەر دوو بلیتی کۆمەڵەکە، کە دوو بلیتەکەی دیکە زەورا و جەوییە مسۆگەریان کردووە، رکابەرەکانیشی خاڵیان لە هەولێر زۆرترە. دەستلەکارکێشانەوەی ئۆدیشۆ و زێدان و رۆیشتنی لوئەی دوای شکستەکەی زەوراو هەر دوای یارییەکە، ئەیوب ئۆدیشۆی راهێنەری هەولێر و جەلیل زێدانی راهێنەری گۆڵپارێزان دەستیانلەکارکێشایەوە. ئەو بڕیارەی ستافی مەشق، زیاتر لە دوورخستنەوە دەچێت، نەوەک دەستلەکارکێشانەوە، چونکە بە تێڕوانینی چاودێرانی وەرزشی بڕیارەکە درەنگ بوو، لە کاتێکی زۆر هەستیار و نارێکدابوو، لەبەرئەوە تیپەکە سبەی لە دەوحە یارییەکی یەکلاکەرەوەو گرنگی لە خولی ئاسیا هەیە. یانەی هەولێر بڕیاری دا ئەحمەد سەلاح یاریزانی پێشووی یانەکەو یاریدەدەری ئۆدیشۆ بکاتە راهێنەری تیپەکە تا کۆتایی ئەم وەرزەو بەشێوەیەکی کاتی جڵەوی تیپەکە دەگرێتەدەست. هاوکات دوای ئەو بڕیارەو دەستبەکاربوونی ئەحمەد سەلاح، لوئەی سەلاح هێرشبەری یانەی هەولێر و کاپتنی دووەمی یانەکە، تیپەکەی بەجێهێشتووەو لەگەڵ تیپەکەش گەشتی قەتەری نەکردووە، کە هەر لە بەغداوە بەرەو دەوحە چوون.

هێشتا هۆکاری رۆیشتنی لوئەی روون نییە، بەڵام پێدەچێت بە هاتنەسەرکاری هاوڕێ کۆنەکەی لە تیپەکەدا رازی نەبێت.

### بارودۆخێکی سەخت

هەولێر، کە وەرزی رابردوو گەیشتە یاری کۆتایی جامی یانەکانی ئاسیاو پلەی دووەمی بەدەستهێنا، ئێستا لە خراپترین بارودۆخدایە، چونکە لە دواپلەی کۆمەڵەی سێیەمە بە 3 خاڵ و لە کۆی 4 یاریدا تەنیا بردنەوەیەکی هەیە، هاوکات دوایاریی لە کۆمەڵەکەیدا بەرامبەر قادسیەی کوێتییە لە خاکی کوێتدا. هەولێر، کە لە چەند وەرزی رابردوودا یەکێک لە سەختترین تیپەکانی جامی یەکێتی ئاسیا بوو، ئێستا زۆر نزیکە لە دەرچوون لە رکابەرییەکان هەر لە قۆناخی کۆمەڵەکانەوە. یانەی هەولێری نوێنەری کورد لە ئاسیا، کاریگەر بە بارودۆخی دارایی و سیاسی لە باشووری کوردستاندا، ئەم وەرزە لە هەردوو خولی عێراق و ئاسیادا بە خراپترین شێوە دەستیپێکرد، هاوکات تیپەکە ئامادەکاری باش و کەمپی مەشقی دەرەوەی نەبوو، هەر بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشیشەوە، نەیتوانی هیچ یاریزانێکی پیشەگەریش بهێنێتە ریزەکانییەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی هونەریی تیپەکە هەبوو، کە وایکرد بگاتە ئەو قۆناخەی، ئەم وەرزە نزیکبێت لەوەی لە هەردوو خولی ئاسیا و عێراقدا بەدەستبەتاڵی و شکستخواردوویی بێتە دەرەوە.

## لە 30%ی گرێبەستەکانیان خۆشبوونە..

# دهۆک بە وەفاداری یاریزانەکانی گەیشتە بژاردە

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ دهۆک**

ئەندامێکی راگەیاندنی یانەی دهۆک بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «یاریزانانی دهۆک بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی یانەکەیان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، خۆیان بەدەستەوە نەداوەو وەفادارییان نواندوە بە کەمکردنەوەی 30%ی گرێبەستەکانیان.

ئەم وەرزە یانەی دهۆک بە کۆمەڵێک قەیران و بێ پارەیی گوزەری کردو ناچاربوو دەستبەرداری زۆرشت بێت بۆ ئەوەی لەم قەیرانە تۆزێک باری سووکتر بێت، جگە لەوەی کۆمەڵێک یاریزان و راهێنەریش ریزی یانەکەیان جێهێشت، بەڵام کارگێڕانی یانەکە متمانەیان بەخۆیان هەبوو کە دەتوانن یانەکە بەرێوەببەن، لە دوای دەستبەرکاربوونی، سەرۆکی تازەی یانەکەش بەڵێنی ئەوەی بە یاریزانان دا، کە بڕی سەرجەم گرێبەستیان پێبدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانان وەک وەفایەک بۆ یانەکەیان لە 30%ی گرێبەستەکانیان خۆشبوون.

### خۆشەویستی و وەفاداری

محەممەد عەلی، لە راگەیاندنی یانەی دهۆک، گوتی «یاریزانانی ئێمە ئەمساڵ تەنیا بە گرێبەست لەگەڵ ئێمە رێکەوتبوون، هیچ مووچەیەکیان نەبوو، ئێستاش تیپەکە گەیشتووەتە خولی بژاردەو یاریزانان مافی خۆیانە گرێبەستەکانیان بۆ دابین بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانان وەفاداریان بۆ یانەکە نواندوە بە کەمکردنەوەی 30%ی گرێبەستەکانیان، کە بێگومان ئەوە دەربڕی لوتکەی خۆشەویستی و وەفاداریانە بۆ یانەکەیان».

### سەرچاوەی پارەکە

محەممەد عەلی، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی «سەرۆکی یانەو پارێزگاری دهۆک و شێخ شاکر بەرێوەبەری گشتی وەرزش هەروەک بەڵێنیان دابوو توانیان ئەو بڕە گرێبەستەی یاریزانان دابین بکەن، کە بێگومان ئەوە بۆ ئەوان دەبێتە پاڵپشتییەکی باش لە خولی بژاردە کە بتوانن ئاستی باشتر پێشکەش بکەن».

محەممەد عەلی، گوتیشی «ئێمە کە ئێستا سەرکەوتووین بۆ خولی بژاردە، هێشتا خۆمان یەکلایی نەکردووەتەوە لە بارەی ئەوەی یارییەکانمان لە کوێ ئەنجام بدەین، چاوەڕوانی هەولێر دەکەین، کە ئەوانیش سەرکەوتن، دەمانەوێ بەیەکەوە بڕیارێک بدەین بۆ ئەوەی یارییەکانمان لە کوردستان ئەنجام بدەین».

### پاداشت دەکرێن

دوای ئەوەی یاریزانانی ئێمە بە شانازییەوە بە تیپێکی کوردییەوە توانیان سەرکەون بۆ خولی بژاردە، دەستەی کارگێڕی یانەکەمان بیری لەوە کردووەتەوە کە لە رۆژانی داهاتوو تیپەکە پاداشت بکات لە بەرامبەر ئەم سەرکەوتنە گرنگە بۆ خولی بژاردە.

### هیچ یاریزانێک ناهێنن

محەممەد عەلی، گوتیشی «ئێمە لە خولی بژاردەش چاومان لەوەیە بتوانین ئەنجامی شایستە بۆ شاری دهۆک بەدەستبهێنین. تەنیا پشت بەو یاریزانانەی خۆمان دەبەستین و هیچ یاریزانێک ناهێنین بۆ ریزی یانەکەمان.



## دیار یاخی، یاریزانە تاقانەکەی چەمچەماڵ لە خولی عێراق:

# لەبەر تۆپی پێ وازم لە قوتابخانە هێناوە

**محەممەد مەلا سدیق**
**رووداوی وەرزشی ـ چەمچەماڵ**

دیار یاخی، یاریزانی یانەی زاخۆ و تاقانەی چەمچەماڵ لە خولی عێراقیدا، دەڵێت «تاوەکو ئێستا دووجار بانگهێشتی هەڵبژاردی کوردستان کراوم». دیار ئاستی تۆپی پێی کوردستان زۆر باش دەبینێت و دەڵێت «یانەکانی کوردستان توانای پێگەیاندنی یاریزانیان هەیە نەک بۆ خولی عێراق بەڵکو بۆ خولی ئاسیاش".

دیار یاخی، بۆ (رووداوی وەرزشی) باسی سەرەتای کاروانی وەرزشی خۆی دەکات و دەڵێت «تۆپی پێ ئاواتی منداڵیم بوو، هەموو کەسێک بەهرەیەکی هەیە، بەهرەی منیش تۆپی پێیە، ئەو یارییەم زۆر خۆشدەوێت، تا ئەو رادەیەی لەپێناو تۆپی پێدا وازم لە قوتابخانەش هێنا». هەروەها دەڵێت «سەرەتای دەستپێکردنم لە تیپە میللییەکان بوو، لە تیپی راپەڕینی چەمچەماڵ بووم. پاشان چوومە لاوانی چەمچەماڵ، ئینجا بەهۆی ئاستبەرزیمەوە بانگهێشتی پلەیەکی چەمچەماڵ کرام. دواتر پەیوەندیم بە یانەکانی خاک و پێشمەرگەی سلێمانی و سلێمانییەوە کردووە».

ئەو یاریزانە کە لە خولی عێراقدا یاریدەکات، لە ئاستی تۆپی پێی کوردستان رازییەو پێیوایە خولی کوردستان تیپ و یاریزانی زۆر باشی هەیە «ئاستی تۆپی پێ لە کوردستاندا زۆر بە باشی دەبینم، زۆر یانەی بەهێزی هەیە، بەڵگەی بەهێزی یانەکانیش لەوەدایە کە تاوەکو ئێستا نازانرێت کام لە یانەکان دەبنە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان».

ئەو یاریزانە گەرمیانییە، زیاتر باسی یانەکانی کوردستان دەکات و پێیوایە زۆر لەو یانانە دەتوانن یاریزانی باش بۆ کوردستان پێبگەینن و دەڵێت «یانەکانی کوردستان بە رادەیەکی بەرچاو یاریزانیان پێگەیاندوە، بەتایبەتیش هەرسێ یانەی هەولێر، دهۆک و زاخۆ، کە هەندێک لەو یاریزانانە نەک هەر لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو دەتوانن لەسەر ئاستی ئاسیاش یاری بکەن».

دیار، ئەوە ناشارێتەوە کە لە چەند یانەیەکی دیکەوە گرێبەستی پێشکەشکراوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت «زۆر زەحمەتە دەست لە یانەی زاخۆ بەربدەم، چونکە لەگەڵ ئەو یانەیە زۆر دڵخۆشم، هیچ کێشەو گرفتێکم نییە، یانەی زاخۆ خاوەنی ئیدارەیەکی بەڕێز و جەماوەرێکی خۆشەویستە، بۆیە بڕیاردان بۆ رۆیشتن لەو یانەیە قورسە».

دیار یاخی، کە لەدایکبووی ساڵی 1991ی چەمچەماڵە، بە یاخی ناسراوەو ئێستا بۆ یانەی زاخۆ لە خولی عێراقی یاری دەکات، ئەوەشی بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە دووجار بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی کوردستان بانگهێشتکراوە.



# سلێمانی کلیلی قاسەکەی دۆزییەوە

**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

نوێنەرایەتی سلێمانی لیژنەی ئۆلۆمپی سلێمانی دەرگای خۆدزینەوەی لە قەیرانە داراییەکەی کوردستان دۆزیوەتەوەو خەریکە قۆڵی چالاکییە وەزشییەکانی لێ هەڵدەکات.

هەردە رەئوف، لێپرسراوی نوێنەرایەتی سلێمانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بە (رووداوی وەرزشی ) گوت «ماوەی چوار مانگە یەک دینار بودجەی لیژنەی ئۆلۆمپیمان وەرنەگرتووە، بەڵام ئێمە رێگەیەکی دیکەمان دۆزیوەتەوە بۆ نەوەستاندنی چالاکییەکانمان بەوەی ئەو کرێی هۆڵە داخراوانەو هۆڵی بلیاردانەی پشکیان بۆ ئێمە هەیە دەگەڕێتەوە خەزێنەی نوێنەرایەتی و لەو رێگەیەوە چالاکییەکانی یەکێتییە وەرزشییەکانی پێ ئەنجام دەدەین و وەرزش لە شارەکەمان بەرەو سووڕی مت نەبوون دەبەین».

لێپرسراوەکەی نوێنەرایەتی سلێمانی گوتیشی «ئێمە هەوڵی تەواو دەدەین لە رێگەی یەکێتییەکانەوە چالاکیی خۆیان لە کردنەوەی خول و پاڵەوانیەتییەکان بکەن بەهیچ شێوەیەک دەستەوەستان نەبن بۆ وەستاندنی چالاکییەکان لەو روانگەیەشەوە زۆرینەی یەکێتییەکان لە داهاتوودا پاڵەوانیەتییەکان چڕتر دەکەنەوە».

ناوبراو هەروەها گوتیشی «لە سنووری نوێنەرایەتی 30 لقی وەرزشی هەیە بەپێی ئەو راپۆرتەی هەیە لەسەریان و چاودێرییمان کردووە تەنیا چەند لقێکیان رەنگە لە داهاتوو کارەکیانیان بەهۆی بێ چالاکییەوە هەڵپەسێردرێن».



## دەریکەن



سانتیاگۆ کانیزارێسی گۆڵچی پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا داوا لە ئیدارەی یانەی بارسیلۆنا دەکات یەکێک لە دوو گۆڵچییەکەی، کلاودیۆ براڤۆ یان تیر شتیگن دەربکات و لەو بارەوە گوتی «بوونی دوو گۆڵچی وەک براڤۆ و شتیگن کێشە بۆ لویس ئێنریکی ڕاهێنەر دروست دەکات، چونکە هەردووکیان بە توانان، بۆیە پێمواییە پێویستە بارسیلۆنا بۆ ئەم مەسەلەیە تەمەن بکاتە پێوەر، لەبەرئەوە باشترە براڤۆ دەربکرێت، چونکە تەمەنی 32 ساڵە و تەمەنی شتیگن هێشتا 22 ساڵە».

### ئەگەر هەموو نازناوەکانیش بباتەوە..

# مێسی ڕێگە نادات ئێنریکی لە بارسیلۆنا بمێنێتەوە



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی ئاشکرایدەکات کە لویس ئێنریکی ڕاهێنەری یانەی بارسیلۆنا ناتوانێت چیدی لەگەڵ یانەکەی بەردەوام بێت و بەڵگەش بۆ ئەو قسەی دێنێتەوە. سەرچاوەیەکی نزیک لە بارسیلۆناش دەڵێت «ئێنریکی لەدەست مێسی ڕادەکات».

ڕۆژنامەی مارکا، کە لە ئیسپانیا بەوە ناسراوە، پێش ڕووداوەکان دەکەوێت و زۆر بە کەمی هەواڵ لەخۆیەوە دروست دەکات، لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت «سەرەڕای ئەوەی تاوەکو ئێستا ژمارەو ئامارەکانی لەگەڵ یانە کە تا لۆ نییە کە نایابن، بەڵام ئێنریکی ساڵی داهاتوو ناتوانێت لەگەڵ بارسیلۆنا بەردەوام بێت».

مارکا بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆی بەڵگە بە چەند هەڵسوکەوتێکی ئێنریکی دێنێتەوە کە پێیوایە بەڵگەی ڕاستەقینەن بۆ ڕۆیشتنی ئێنریکی لە بارسیلۆنا. گرنگترین ئەو هەڵسوکەوتانەش ئامادەنەبوونی ئێنریکییە لە کۆبوونەوەکانی ئەم وەرزەی لیژنەی وەرزشی بارسیلۆناو لەو بارەوە مارکا نووسیویەتی «هەموو ساڵێک لیژنەی وەرزشی بارسیلۆنا بە ئامادەبوونی بەرپرسان و ڕاهێنەر چەند کۆبوونەوەیەک دەکەن بۆ ئەوەی لە بارەی هێنانی یاریزانی نوێ و بەڕێکردنی ئەو یاریزانانەی کە پێیانوایە یانەکە پێویستی بە تواناکانیان نەماوە قسە بکەن. کەچی ئەمساڵ بۆ تەنیا جارێکیش ئێنریکی ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبووە، سەرەڕای ئەوەی ئامادەبوونی ڕاهێنەر لە هەموو ئەوانی دیکە گرنگترە».

> «ئەگەر لاپۆرتا ببێتەوە سەرۆکی بارسا بەدڵنیاییەوە ئێنریکی لە یانەکەی دەردەکات»

ئەو ڕۆژنامە ئیسپانییە، باس لەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی جۆزێپ ماریا بارتۆمیۆی سەرۆکی یانەکە، ئێنریکی زۆر خۆشدەوێت و هەمیشە بەرگری لێدەکات و هەوڵدەدات گرێبەستەکەی نوێ بکاتەوە، بەڵام ئێنریکی ناتوانێت بەردەوام بێت و نووسیویەتی «تەنانەت ئەگەر ئێنریکی هەرسێ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و خولی لیگای ئیسپانی و جامی شای ئیسپانیاش بباتەوە، هەر لە بارسیلۆنا دەڕوات».

هەر لەو بارەوە سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی بارسیلۆناش ئاشکرایکردووە کە هەموو ئەو ئامار و ژمارانەی شایەتی بۆ گەورەیی و تواناکانی ئێنریکی دەدەن، ناتوانن ببنە هۆکاری مانەوەی ئێنریکی لەگەڵ بارسیلۆنا، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، کە یەکەمیان لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یەکەمی بارسیلۆنایەو لەو بارەوە دەڵێت «ئێنریکی چیدی بەرگەی بێمنەتی و یاخیبوونەکانی مێسی ناگرێت». هەروەها دەشڵێت «لەوەتەی ڕووداوەکەی یاری ڕیال سۆسیداد و بارسیلۆنا، کە مێسی لە ژووری جلگۆڕیندا قسەی بە ئێنریکی گوت، هێشتا نێوانی ئەو دوو کەسە زۆر ناخۆشە». هەروەها دەشڵێت «مێسی هەرگیز ڕازی نییە ئێنریکی لەگەڵ بارسیلۆنا بەردەوام بێت».

دووەم هۆکاریش وەک ئەو سەرچاوەیە باسیدەکات، هەڵبژاردنەکانی داهاتووی یانەی بارسیلۆنایە، کە بڕیارە لە مانگی تەممووزی داهاتوودا بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکی ئەو یانەیە ئەنجام بدرێت. لەو بارەوە ئەو سەرچاوەیە دەڵێت «ئێنریکی زۆر باش دەزانێت ئەگەر خوان لاپۆرتای سەرۆکی کۆنی بارسیلۆنا لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبێنێت و ببێتەوە سەرۆکی بارسیلۆنا هەرگیز ڕێگە نادات ئێنریکی لە پۆستی مەشقەکانی بارسیلۆنا بمێنێتەوە، چونکە ڕقی لەو ڕاهێنەرەیەو هەرگیز خۆشی نەویستووە».

### لە گواردیۆلا باشترە

سەرەڕای ئەوەی هێشتا هەندێک متمانەیان بە تواناکانی ئێنریکی نییەو بە شایستەی یانەیەکی وەک بارسیلۆنای نازانن، بەڵام ئامار و ژمارەکانی ئەو ڕاهێنەرە لە یەکەم 50 یاریدا هەموویان بێدەنگ دەکات، چونکە پیپ گواردیۆلاش نەیتوانیوە ئەو ئامارانە تۆمار بکات.

لویس ئێنریکی، لە یەکەم 50 یاریدا لەگەڵ بارسیلۆنا، 42 سەرکەوتن و 3 بەرامبەربوون و 5 دۆڕانی هەیە. 143 گۆڵی تۆمارکردووەو 31 گۆڵی لێبووە.

هەرچی گواردیۆلایە، لە یەکەم 50 یاریدا لەگەڵ بارسیلۆنا، 37 بردنەوەو 8 یەکسانبوون و 5 دۆڕانی هەبوو.

## هێشتا خۆی شای 2015یە..

# مێسی ڕیکۆردەکانی ڕۆناڵدۆی بەرازیلی تێکدەشکێنێت

### "مێسی 159 گۆڵ و ڕۆناڵدۆش 108 گۆڵی بە کۆششی تاکەکەسی تۆمارکردووە"





**ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO**

ئامارەکان دەردەخەن کە تاوەکو ئێستا لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی لەسەر تەختی گۆڵکارانی ساڵی 2015 دانیشتووە. هەروەها بەپێی ئەو ئامارانە مێسی دەستیکردووە بە شکاندنی ریکۆردەکانی ڕۆناڵدۆی دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل.

جادوگەری بلاوگرانا تاوەکو ئێستا لە 2015دا لە هەموو یاریزانەکانی 5 خولە گەورەکەی ئەوروپا گۆڵی زیاتر تۆمارکردووە کە 25 گۆڵە. زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی یاریزانی سویدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسیش بە پلەی دووەم دێت بە 19 گۆڵ، ئینجا نیمار دا سیلڤای یاریزانی بارسیلۆنا و هەڵبژاردەی بەرازیلیش بە هەمان ژمارەی گۆڵ بە پلەی دووەم دێت. کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی یاریزانی ڕیال مەدرید لە پلەی سێیەم دێت بە 18 گۆڵ. ئینجا لویس سوارێزی هێرشبەری هەمان یانە بە 16 گۆڵ لە پلەی پێنجەم دێت. هەریەک لە هاری کاینی ئینگلیزی هێرشبەری تۆتنهام لەگەڵ لویزیتۆ ژمارەی گۆڵە تۆمارکراوەکانیان لە ساڵی 2015 وەکو یەکە، کە 15 گۆڵە.

لیۆنێل مێسی، بەو ژمارە زۆرەی گۆڵەکانی دەستیکردووە بە شکاندنی ریکۆردەکانی ڕۆناڵدۆی دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل، کە زۆر لە چاودێران بە باشترین هێرشبەری سەرەڕم لە مێژووی تۆپی پێدا هەژماری دەکەن. ڕۆناڵدۆ بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل و هەموو ئەو یانانەی یاری بۆ کردوون، 616 یاری ئەنجامداوە، 414 گۆڵی تۆمارکردووە، واتە بە ڕێژەی 0.67%. هەرچی مێسییە لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی و یانەی بارسیلۆنا 569 یاری ئەنجامداوەو تیایاندا 446 گۆڵی تۆمارکردووەو 401 لەو گۆڵانە بۆ یانەی بارسا بوونە.

مێسی 159 گۆڵی بە کۆششی تاکەکەسی تۆمارکردووە، بەرامبەر بە 108 گۆڵا کە ڕۆناڵدۆ بە کۆششی تاکەکەسی تۆماریکردوون. مێسی 106 لە گۆڵانەی دوای یاریکردنی بە یاریزانێک تۆمارکردووە. 33 گۆڵیشی دوای یاریکردن بە دوو یاریزان تۆمارکردووەو 15 گۆڵیشی دوای یاریکردن بە 3 بەرگریکار تۆمارکردووە. هەروەها 2 گۆڵیشی دوای یاریکردن بە 4 یاریزان تۆمارکردووە و گۆڵێکیش دوای یاریکردن بە 5 یاریزان تۆمارکردووە. هەرچی ڕۆناڵدۆیە 108 گۆڵی بە کۆششی تاکەکەسی تۆمارکردووە، 80 لەو گۆڵانەی دوای یاریکردنی بە یاریزانێک تۆمارکردووە. 16 گۆڵیشی دوای یاریکردن بە دوو یاریزان تۆمارکردووەو 5 گۆڵیشی دوای یاریکردن بە 3 یاریزان تۆمارکردووەو 2 گۆڵیشی دوای یاریکردن بە 4 یاریزان تۆمارکردووە. لە لایەکی دیکەوە مێسی 80 گۆڵی بە ئەسیستی هاوڕێکانی تۆمارکردووە، هەرچی ڕۆناڵدۆیە 16 گۆڵی بەو شێوەیە تۆمارکردووە. هەروەها مێسی 157 گۆڵی لە دەرەوەی هێڵی سزا تۆمارکردووە و ڕۆناڵدۆش 144 گۆڵی لە دەرەوەی ئەو هێڵە تۆمارکردووە.

## لە ئیسپانیا..

# ئەوەی ناوی مێسی بێت ناچێتە بەندیخانە



**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ئەلبێرتۆ گارزۆن، پەرلەمانتاری پارتی چەپی یەکگرتوو لە ئیسپانیا هێرشی کردە سەر کریستۆبال مۆنتۆرۆی وەزیری دارایی وڵاتەکەی و پێیگوت «ئەگەر لەو وڵاتە ناوت مێسی بێت ناکەویە بەندیخانەوە».

گارزۆن، لە دانیشتنی هەڵسەنگاندنی کاری حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە گوتی «زۆر کەس هەن بانگەشەی نیشتمانپەروەری دەکەن و دەڵێن بەرگری لە سیستم دەکەین، بەڵام خراپترین تاوانبارن، چونکە ئەوان هۆکاری نەبوونی پارەن بۆ دامەزراوەی تەندروستی و مووچە».

گارزۆن لە کاتی قسەکردنی بۆ وەزیری دارایی گوتی «ناکرێ تۆش دەستت لەمەدا هەبێت، لەم وڵاتەدا ئەگەر ناوت مێسی بێت یان کەسێکی دەوڵەمەند بیت و پارە بدەیت و لەگەڵ وەزارەت دانوستان بکەی، هەرگیز ناکەویە بەندیخانەوە، ئەوە دادپەروەری نییە، بەڵکو گێچەڵ پێکردنەوە».

دادگای ئیسپانیا لە تشرینی یەکەمی ڕابردوودا بە تانەکەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنا ڕازی نەبوو، لەسەر ئەو 3 تۆمەتە داراییەی ئاراستەی کرابوون، دوای ئەوەی دەرکەوت کە لەوانەیە مێسی ئاگای لەو چالاکییە گوماناویانە بێت کە باوکی و بریکارەکەی ئەنجامی دەدەن. داواکاری گشتی پشتیوانی لەو تانەیە دەکرد کە مێسی پێشکەشی کردبوون، چونکە پێیوابوو ئەو لەوانەیە لەو تاوانانە بەشداری نەکردبێت، بەڵام پارێزەری دەوڵەت لە دژی ئەوەبوو و دادوەریش پێیوابوو، دوورکەوتنەوەی مێسی لە بەڕێوەبردنی ئابووری و گرێبەستکردن و باج بۆ داهاتی کارەکانی، کە باوکی بەڕێوەی دەبردن ڕای تاکەکەسی خۆیەتی.

هێشتا دادوەری دادگای جافا لە بارسیلۆنا لەسەر ئەو تۆمەتانە موکڕە، کە ئاراستەی مێسی و باوکی کراون، بەوەی 3 تۆمەتیان دەرهەق بە وەزارەتی دارایی ئەنجام داوە و نزیکەی 4 ملیۆن یۆرۆیان لە دەزگای باج شاردووەتەوە، کە تایبەتە بە ساڵانی 2007، 2008 و 2009.

KOREK Telecom




خەڵاتی جۆراوجۆر
ئەم هەینییە و هەموو هەینییەك

3 خولەك بەبەردەوامی لەناوتۆڕ قسە بکە لە ڕۆژی هەینی پاشان بەخۆڕایی کورتەنامەیەکی بەتاڵ بنێرە بۆ 232 و پەیوەندی خۆڕایی بۆ ناوتۆڕ بەدەستبێنە لە شەوی هەینی لە کاتژمێر 10:00 بۆ 11:00ی شەو.
ئەم ئۆفەرە تەنها ڕۆژانی هەینی بەردەست دەبێت لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و بۆ سەرجەم بەشداربووانی کورەك، پریپەید و پۆستپەید.

بوێربە خەون ببینە

411
korektel.com



## چاکەیان دەداتەوە

دوای ئەوەی توانی رابەرایەتی تیپەکەی بکات و لە یانەی نیوکاسڵ بباتەوە، هاری کاینی ئەستێرەی یانەی تۆتنهام بەو دوو گۆڵەی لەو یارییەدا تۆماریکرد توانی ببێتە هاوشێوەی ئەفسانەی ئینگلیزی، گاری لینیکەر، لە تۆمارکردنی 30 گۆڵ لە یەک وەرزدا، بەڵام بەهۆی ئەو دەستکەوتەوە کاین ناچاربوو هاوڕێکانی لە تیپەکەی لە چێشتخانەیەکی گەورە داوەت بکات و پارەی نانی نێوەڕۆیان بدات، ئەوەش داواکاری راهێنەرەکەی ماوریسیۆ بۆکیتینیۆ بوو، کە گوتی «پێویستە کاین چاکەی هاوڕێکانی بداتەوە، کە رۆڵیان لە درەوشانەوەیدا هەبووە».

# مۆلەر منداڵێکی بێ رێزە و درێسی لویزیش شامپۆیەک ناهێنێت

برِوا بکەی یاْن نا..؟!

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

## بۆ کۆکاکین میدالیای مۆندیالی فرۆشت



پاولۆ سیزاری ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل، دانی بەوەدانا کە بۆ کڕینی کۆکاکین ناچاربووە ئەو میدالیا زێرە بفرۆشێت، کە لە مۆندیالی ساڵی 1970 لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل بەدەستیهێناوە. سیزار دەڵێت «تا ئەمدواییە هەستم بە قەبارەی ئەو تاوانە نەکرد کە ئەنجامم داوە، ئەویش فرۆشتنی یادەوەریەکی بە نرخە لە کاروانی وەرزیشم، چونکە لای من مادده هۆشبەرکان هەموو شتێک بوو و هیچ شتێک هەندی ئەو لەلام گرنگ نەبوو». سیزار، کە لە سەردەمی پێلێی ئەفسانە یاریزان بوو، یاری بۆ گەورەترین یانەکانی بەرازیل کردووە، وەک فاسکۆ دی گاما و فلۆمینیسی، هەروەها وەک پیشەگەریش یاری بۆ یانەی ئۆلۆمپیک مارسیلیای فەرەنسی کردووە، بەر لەوەی ئاڵوودەبوونی بە مادده هۆشبەرەکان کاروانی وەرزشیی رابگرێت. ئێستا سیزار لەژێر پرۆسەی شیاندنەوە دایە، هەرچەندە ماوەی 15 ساڵە وازی لە مادده هۆشبەرکان هێناوەو ئێستا نە مەی و نا مادده هۆشبەرکان ناخوات. سیزار ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکات کە هێشتا ئەو جۆرە شتانەیان تاقی نەکردووەتەوە، سەرکێشی نەکەن، چونکە بکوژە.

پاولۆ سیزار کە بە کاجۆ ناسراوە لە ماوەی 10 ساڵدا 57 یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل ئەنجامداوە و 10 گۆڵیشی تۆمارکردووە.

## مۆلەر منداڵێکی بێ رێزە



تۆماس مۆلەری هێرشبەری یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی تووشی شەرمەزارییەکی گەورە بوو، دوای ئەوەی زوومی کامێرایەک لە کاتی گاڵتەکردن بە کواریزمای هێرشبەری پۆرتۆی پورتوگالی وێنەی گرت، کە دوای ئەو دۆڕانە قورسەی پۆرتۆ بوو لە یاریگەی ئەلیانز ئەرێنا لە یاری گەڕانەوەی قۆناخی چارەکی کۆتایی چامپیۆنسلیگدا.

مۆڵەر لەو گرتەیەدا بەدەست ئاماژە بۆ کواریزما دەکات و پاشان بەرووی پێدەکەنێت، هەرچەندە ئەو لەبەر ئەنجامی یارییەکە لە رەوشێکی دەروونی زۆر خراپدا بوو.

چەندین ماڵپەری جیهانی گاڵتەیان بەو هەڵسوکەوتەی مۆلەر کرد، هەرچەندە ئەو بە هەڵسوکەوتی منداڵانە ناسراوە و لە چەندین بۆنەی جۆراوجۆردا ئەو جۆرە شتانەی لێبینراوە. تەنانەت مۆلەر دوای یارییەکە چووە سەر پەیژەی یاریگە و لەگەڵ هاندەرانی یانەکە هوتافی دەکێشا.

## درێسی لویز شامپۆیەک ناهێنێت



داڤید لویزی بەرگریکاری یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی و هەڵبژاردەی بەرازیل، دوای ئەو ئاستە خراپەی لە یاری چوون و گەڕانەوە لە قۆناخی چارەکی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا بەرامبەر یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی پێشکەشی کرد، تووشی رەخنەیەکی زۆر بوو.

لە یارییەکەی کامپ نو هاندەرێک داواکارییەکی سەیری لە لویز کرد، ئەو هاندەرە لافیتەیەکی گەورەی بەرزکردبووەوە کە سەرنجی هەمووانی راکێشا، چونکە لە خواری خوارەوەی پەیژەی یاریگە دانیشتبوو و لەسەر لافیتەکە نوسیبووی «داڤید لویز، دەتوانی درێسەکەی خۆتم بدەیتێ لە بەرامبەریشدا من شامپۆیەکی تایبەتی خۆمت پێشکەش دەکەم؟». لەبەرئەوەی هاندەرەکە هەمان قژێکی لولی وەک لویزی هەبوو، بێشک ئەو لافیتەیە بە ئاسانی تێنەپەڕی، چونکە وایکرد هەموو گاڵتە بەو ئەستێرە بەرازیلییە بکەن.



## بێکهام دوای وازهێنان دەوڵەمەندتر بووە



**رووداوی وەرزشی ـ RT**

دێڤید بێکهام، ئەفسانەی تۆپی پێی ئینگلیزی لە وەتەی لە مانگی ئایاری 2013 بە یەکجاری وازی لە تۆپی پێ هێناوە وەک یاریزان، ئەوەندە سامانی کۆکردووەتەوە کە زۆر لەوە زیاتر لە ماوەی کاروانی وەرزشی وەک یاریزان کۆی کردووەتەوە، ئەمەش بۆ گرێبەستەکانی رێکلامکردنی دەگەڕێتەوە.

دوای وازهێنانی بێکهام لە یاریکردن، لەگەڵ ڤیکتۆریای خێزانی خۆی بۆ رێکلامکردن و رەواج پەیداکردن بۆ مارکە بازرگانییەکەی تەرخانکرد، کە ساڵی 2014 بڕی 50 ملیۆن پاوەندی داهات بووە، بە گوێرەی هەواڵی گۆڤاری فۆربسی ئابووری.

بەمەش بێکهام بووە دەوڵەمەندترین وەرزشوانە وازهێنەرەکان لە جیهاندا.

ساڵی رابردوو لەسەر ئاستی دارایی بۆ بێکهام ساڵێکی نموونەیی بوو، داهاتی ئەو ساڵەی لە هەموو داهاتی 20 ساڵ مانەوەی لەنێو یاریگەکان زیاتر بوو. بێکهام لە دوو گرێبەستی رێکلامکردن بڕی 15 ملیۆن پاوەندی دەست کەوتووە. بێکهام کە پێشتر بۆ یانەکانی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، ریال مەدریدی ئیسپانی، لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمریکی، ئەی سی میلانی ئیتاڵی و پاریس سانجێرمانی فەرەنسی یاری کردووە، گرێبەستی سپۆنسەریکردنی چەندین کۆمپانیا و دامودەزگای گەورەی وەک ئەدیداس، سکای سپۆرت، سامسۆنگ، بریتلینگ، ئێچ ئەند ئێم و کۆمپانیایەکی لە هۆنگ کۆنگ هەیە، بێجگە لە هێڵێک بۆ بەرهەمهێنانی بۆن لە مارکەی کوتی.

دێڤید بێکهام، ئێستا لە لیستی فۆربس بۆ وەرشوانە وازهێنەرە دەوڵەمەندەکان لە پلەی دووەم دێت، تەنیا ئەفسانەی تۆپی باسکەی ئەمریکا، مایکل جۆردان لە پێشی دێت کە کۆی داهاتەکانی 100 ملیۆن دۆلارە.



بۆ وەرزی داهاتوو..

## کەمئەندامێک پێکهاتەی مانچستەر یونایتد دادەنێت

**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

لە گرتەیەکی زۆر نایابدا، کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت کە زۆر شەیدای یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزییە، لیستێکی بە ناوی ئەو یاریزانانە دایە دەست لویس ڤان گالی راهێنەری یانەکە، بۆ ئەوەی بیانهێنێتە ریزی شەیتانە سوورەکان.

ئەو هاندەرە زۆر بە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی لیستێک بە ناوی باشترین ئەو یاریزانانە ئامادە بکات، کە پێیوایە پێویستە مانچستەر یونایتد گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکات، بەهای ئەو لیستە دەگاتە 281 ملیۆن پاوەند، لیستی یاریزانەکانیش بەمشێوەیە بوو:

1ـ ماتیاس هۆمێلز (بورۆسیا دۆرتمۆند ـ ئەڵمانیا)، 36 ملیۆن پاوەند.
2ـ ناسانیل کلاین (ساوسامبتۆن ـ ئینگلتەرا)، 15 ملیۆن پاوەند.
3ـ پۆل پۆگبا (یوڤانتۆس ـ ئیتاڵیا)، 75 ملیۆن پاوەند.
4ـ گاریس بەیڵ (ریال مەدرید ـ ئیسپانیا)، 120 ملیۆن پاوەند.
5ـ جاکسۆن مارتینێز (پۆرتۆ ـ پورتوگال)، 25 ملیۆن پاوەند.

## زێدان 3 مەرجی بۆ گەڕانەوە بۆ یاریکردن هەیە

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

محەممەد زێدان، یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی میسرو یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی، ئامادەیە بە 3 مەرج بگەڕێتەوە نێو یاریگەکان و دەست بە یاریکردن بکاتەوە، کە ماوەیەکە بەهۆی پێکانێکی قورسەوە وازی لە یاریکردن هێناوە.

زێدان، باس لە ئەگەری یاریکردنی لە خولی میسر لە ماوەی داهاتوودا دەکات، دوای تەواوبوونی ماوەی شیاندنەوەی لە رووی جەستەییەوە لەگەڵ یانەی مقاولون ئەلعەرەب. زێدان لەو بارەوە گوتی «نیازی یاریکردن لە خولی میسرم هەیە و پێمخۆش و باشیشە لە خولی وڵاتەکەم یاری بکەم، بەڵام دەبێت 3 مەرج هەبێت بۆ ئەوەی لە خولی میسر یاری بکەم». زێدان کە پێشتر یاری لە خولی بۆندسلیگای ئەڵمانیدا کردووە، سەبارەت بە مەرجەکانی گوتی «یەکەم دەبێت لە رووی مەعنەوییەوە رێزم لێبگیرێت، دووەم لە رووی دارییەوە رێزم لێبگیرێت، سێیەمیش بەرامبەر یانەکە هەست بە ئاسوودەیی بکەم».

زێدان لە بارەی ئەهلی و زەمالیک گوتی «یاریکردن بۆ ئەهلی و زەمالیک شەرەفە بۆ هەموو یاریزانێک و لاریم نییە یاری بۆ هەر یەکێکیان بکەم، بەڵام لە ماوەی رابردوودا هیچ گرێبەستێکم پێشکەش نەکراوە، ئێستا چاوەڕێی شیاندنەوەم دەکەم و پاشان گفتووگۆ لەسەر گرێبەستەکان دەکەم».

KOREK Telecom

بەردەوامبە لە قسەکردن
هەر قسە بکە و.....قسە بکە
تەنانەت ئەگەر باڵانسیشت نەبێت



باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟ لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەک، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.

- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جارێکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەک
  - دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بۆیڕبە خەون ببینە

korektel.com
411

ژمارە (348) سێشەممە 2015/4/28



## بەڵێنی پێداوە

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی ئاشکرایکردووە کە کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بە نهێنی چووەتە نووسینگەی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی شاهانە و داوای لێکردووە گرێبەستی هەریەکە لە سێرجیۆ رامۆسی بەرگریکار و کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەر نوێبکاتەوەو لەو بارەوە نووسیویەتی «پیرێز بەڵێنی بە رۆناڵدۆ داوا لە کۆتایی وەرزدا گرێبەستەکەی رامۆس بۆ ماوەی 4 ساڵ درێژ بکاتەوەو سەبارەت بە ئەنچیلۆتیش چەند روونکردنەوەیەکی بە رۆناڵدۆ داوە».



ڕێبوار محەممەد

# با هەولێر کراسێک لە دهۆک دادڕێت

دواجار ئەوەی دەمێک بوو هاندەرانی هەولێر داوایاندەکرد بە رۆیشتنی ئەیوب ئۆدیشۆ، روویدا. دەستیلەکارکێشایەوە یان دوورخرایەوە؟ ئەوەیان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئیدی ئۆدیشۆ و هەولێر پەیوەندییان پێکەوە نەما و دەبێ یانەی هەولێر سەردەمێکی نوێ دەستپێبکات.

ئەوەی لە هەولێر روودەدات، هەمان سیناریۆی یانەی دهۆکە، ئەو دوو یانە کوردستانییەی لە ساڵانی رابردوودا لە عێراق لە پێشەوە بوون و نازناویان بردووەتەوە، لە جامی یەکێتی ئاسیاش هەولێر دووجار لە دوا هێڵدا بردنەوەی لەدەستداوە.

یانەی دهۆک ماوەیەک لەمەوپێش هەمان سیناریۆی بەسەردا هات، دۆڕان و ئەنجامی خراپ و پاشەکشە و سەرهەڵدانی گرفت و کێشە و گلەیی هاندەران و تەنانەت خۆپێشاندانیش، تا کار گەیشتە ئەوەی یاریزانە عەرەبەکانی یانەکە بەکۆمەڵ یانەکەیان بەجێهێشت و لە کۆتاییدا ئەوانەی مانەوە یاریزانە کوردەکان بوون و ئەرکی هەڵساندنەوەی تیپەکەیان لە ئەستۆ گرت.

راستە دهۆک لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا راهێنەر و دەستەی کارگێڕی و سەرۆکی یانەکەشی گۆڕی، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێستا لەو یانەیە شتێک نەما بە ناوی گلەیی و گازاندە لە یانەکە و ئەنجامەکانی و گەیشتنە قۆناخی کۆتایی خولی عێراق و رکابەریکردن لەسەر نازناوی خولی کوردستان بەهەمان پێکهاتەوە، نیشانیدا دەکرێ تەنگژەکان لە کۆتاییدا بە سوود بکەونەوە.

ماوەیەک بەر لە ئێستا و هەر لەم گۆشەیەدا نووسیم دەکرێ کێشەی دارایی کە یانەکانی کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنن، ببێتە سەرەتای شێوازێکی نوێی کارکردنی یانەکانی کوردستان، ئەوان دەکرێ ئیدی شتێک لەبیری خۆیاندا نەهێڵنەوە بەناوی یاریزانی عەرەب و پیشەگەر، چونکە کورد دەڵێ پێت بەقەد بەڕەکەی خۆت راکێشە، کەپارەت پێنییە یاریزانی پیشەگەر بهێنی، دەتوانی ئاوڕ لە ماڵی خۆت بدەیتەوە و لەوێوە دەست پێبکەیت.

کێشەکانی یانەی هەولێر تەنیا راهێنەرێک نین، ئەوە پێویستە ببێتە سەرەتای گۆڕانکاریی ریشەیی لە یانەی هەولێردا، ئەو یانەیە دەکرێ بچێت لە تیپەکانی دووەم و لاوان و تازەپێگەیشتووانی خۆی، لە یانەکانی دیکەی کوردستان، یاریزانی ئاستبەرز بێنێت و بیانخاتە نێو پێکهاتەکەیەوە.

ئەوە هەنگاوێکە هەندێک ئارامگرتن و کەمێک ریسکە، بەڵام ئەگەر ئەمساڵ و ساڵی داهاتووش نەبێت، لە کۆتاییدا هەر بەرهەمی خۆی دەدات، باشترین نموونەش یانەی دهۆکە کە بەتوانای یاریزانانی کوڕی شارەکەی خۆی گەیشتە ئەوەی ئێستا هەیەتی.

لەگەڵ رەگەزپەرستی نیم و دژیم، لەگەڵ وشەی یاریزانی کورد و یاریزانی عەرەبیش نیم، پیشەگەری باشترین سیستەمە بۆ بەرەوپێشبردنی وەرزش لە هەر شوێنێک بێت، بەڵام ئەوە لە کوردستان بووەتە ناچاری، یانەی هەولێر بەو داهاتەی خۆی کە هەیەتی لە وەبەرهێنانەکانی، دەتوانێ تیپێکی باش دروست بکات کە لانی کەم لەو ئاستە باشتر پێشکەشدەکەن کە یاریزانەکانی ئێستا کردوویانە.

بۆ هەولێر ئەم تەنگژەیە دەتوانێ خێر بداتەوە، با کراسێک لە دهۆک دادڕێت، راهێنەرێکی باش و شارەزا کە بتوانێ ئەو بیرۆکەیە ئەزم بکات، چۆن دەکرێ یاریزانە لاوەکان بکەیتە داینەمۆی سەرکەوتنەکان، چۆن دەکرێ رۆحی داهێنان و ئاستی بەرزیان تێدا گەورە بکەیت، ئازایەتی رووبەڕووبوونەوە و ویستی سەرکەوتنیان تێدا بچێنیت، ئەوە هەمووی پێویستی بە راهێنەرێک هەیە لەوە تێبگات و کاری لەسەر بکات و بیکاتە ئامانجی خۆی.

دیارە تەنگژەکان بە ئاسانی چارەسەر نابن، ئاسۆی روونیش بە ئاسانی دەرناکەوێت، بەڵام هەنگاونان بۆ ئەو کارە و تێگەیشتن لە بیردۆزەکە و کردنی بە ئامانجی چەند ساڵی داهاتووی یانەکە، دەتوانێ ئەوە بکات کە ئیدی شتێک ناهێڵێتەوە بەناوی گلەییەوە لە کارگێڕیی یانەکە.

نهێنییەکی سەیری پزیشکە موعجیزەکەی بایرن میونشن..

# پێکانی یاریزانانی بە خوێنی گۆلک و بزن چارەسەر دەکرد



**رووداوی وەرزشی ـ DW**

رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی تیشکی خستە سەر هەندێ لایەنی شاراوەی پزیشکی بایرن میونشن، هانز فیلیم مۆلەر. کە بەمدواییە دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە کارەکەی لەو یانەیە پێشکەشکرد، وەک ناڕەزاییەک لەو رەخنانەی لە پیپ گواردیۆلای راهێنەری یانەکە گیرا، بەهۆی زۆری پێکانی یاریزانەکانی لەو ماوەی دواییدا، کە هۆکاری دۆڕانی تیپەکە بوو بەرامبەر یانەی پۆرتۆی پورتوگالی لە چامپیۆنسلیگدا.

رۆژنامەکە زیاتر تیشکی خستووەتە سەر شێوازی چارەسەرکردنی ئەو پزیشکە بۆ یاریزانە پێکراوەکان، کە دەرکەوتووە مۆلەر بۆ چارەسەرکردن شێوازی سەیری بەکاردەهێنا، لەوانە لێدانی خوێنی گۆلک و بزن لە یاریزانە پێکراوەکان بەهۆی شرینقەوە.

بە گوێرەی رۆژنامەکە، مۆلەر کە نزیکەی 40 ساڵ پزیشکی بایرن میونشن و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە، سووربووە لەسەر بەکارهێنانی شێوازی سەیر، ئەگەر نەیتوانیبا بە شێوازی ناسراو لە پزیشکی هاوچەرخ چارەسەری بکات، رۆژنامەی دەیلی مەیل یاریزانی یانەی سانت جۆنستۆنی سکۆتلەندی، پیتەر ماکدۆنالد وەک نموونە هێناوەتەوە، کە لەسەر دەستی مۆلەر چارەسەری وەرگرتووە، لەو پێکانە ئاڵۆزەی کە لەسەر ئاستی ژێیەکانی ئەژنۆی تووشی هاتبوو، ئەویش لێدانی 50 دەرزی تەواو لە پوختکراوی خوێنی بزن بوو. ئەو یاریزانە تاک نەبوو ئەو جۆرە چارەسەرییە سەیرەی بۆ کرابێت، چونکە چەندین ئەستێرەی جیهانی لەسەر دەستی ئەو پزیشکە چارەسەر کراون، هاوشێوەی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدرید و یواسین بۆڵتی راکەری جامایکی پاڵەوانی ماوە کورتەکانی جیهان.

# LOTTO

## (رووداوی وەرزشی)

## بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ........................................................

مۆبایل : ........................................................

4

## چلەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.



## پێشبڕکێ

بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 760 5215
لەگەڵ ناوی خۆت

ئاراز مەحموود
لە
رانیە
بە لێدوانی:
( کلاسیکۆی کۆنە، دیاردە لەجێی دۆنە )
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.








سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک رووداو بخوێنەوە